# هەندێک لە جۆرەکانی ڕێژەی تێپەڕ لە شرۆڤەکاریدا

د. شێرکۆ بابان
پرۆفیسۆری هاریکار

١- دەسپێک:

هەندێک بابەتی ڕێزمانی هەیە، ئێمە تینووێتیمان لێی ناشکێت و لێی پاراو نابین، ئەو جۆرە بابەتانەش بریتین لە دیوە تیۆرییەکانی (ڕستە) و پێکهاتەکانی. لەئاستی ڕێژەی تێپەڕیشدا، ئێمە هێشتا گێنگلێک لە ناخەوە هەڵ دەگرین و هەر پێوەی خەریکین و دەترسین نەتوانین ئەو (نک)ە لە دڵ دەر بکەین و وەک پێویست بیخەینە سەر پەڕەی نووسراو. بەداخەوە، ڕێزمانی زمانەکەمان، وەک پەیت و ئەستوور و خەلیسە، بەڵام هەر بەسەری پەنجە هەندێک دەستکاری لق و پۆکانی کراوە و هەندێک لە پەلک و پۆپەکانی پیشان دراوە. کەواتە، لە وانەو لە دیمانەکانی ڕێزمانی کوردیدا، هەر ئەو بابەتە زەقانە دەگوترێنەوە کە لە چینی یەکەمی زمانەکەدا، بە چاویلکەی ڕێزمانی زمانانی تر دەخوێنرێتەوە، چی بە ناتەواوی، چی بە خواری، چی بەسەقەتی، چی بە دروستی. لەئەم هەڵوێستەدا، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کەڵک لە زمانانی تر وەربگیرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشداین کە ئەو کەڵکە هێندە کوێرانە نەبێت. لەڕاستیدا، هەندێک نووسین دەخوێنیتەوە لەسەر ڕێزمانی کوردی، هەر هەست دەکەیت کە ڕێزمانی زمانێکی ترە و بە پینەو پەڕۆ، هەندێک ڕستە و نموونەی کوردی تێ ئاخنراوە. یان هەر دەڵێیت، ڕێزمانێکەو بە هونەری (کۆلاژ) نووسراوەتەوە و لەهەر جێیەکدا کە پێویست

بووبێت، نموونەیەکیان پێوە نووساندووە.

٢- تێنەپەڕ و تێپەڕ لە چینی سفردا:

هەر لە سروشتەوە، کارەکانی زمانی کوردی دابەش دەبن بەسەر تێنەپەڕ و تێپەڕدا، وەک:

تێنەپەڕ:

**شکان، نووستن، کەوتن، مردن، پژمین، .....**

تێپەڕ:

**نووسین، ناردن، خواردن، گرتن، بردن، .....**

بێ گومان، ئەم بابەتە زۆر روونە و زۆر ئاشکرایە و لەگشت کتێبەکانی رێزماندا باس کراوە، چونکە لە چینی سفردایە و گشت کارەکان بە (هێزی تێپەڕین)ەوە رسکاون و هیچ هێمایەک، یان کۆلکەیەک هەڵ ناگرن، کە بە ئەو هۆیەوە هێزی تێپەڕینیان هاوێربکرێت، مەگەر هەر خۆمان بەهێمایەکی دەرەکی لە یەکتر جودایان بکەینەوە، وەک:

- **هێمای کەم (-) بۆ کاری تێنەپەڕ، وەک:**

**[شکان]**(-) ، **[نوستن]**(-)

- **هێمای کۆ (+) بۆ کاری تێپەڕ، وەک:**

**[نووسین]**(+) ، **[ناردن]**(+)

**٣- هێزی تێپەڕین لە چینی یەکەمدا:**

لە چینی یەکەمدا، چاوگی (ئاندن) دەکەوێتە کار لەسەر گشت کارە تێنەپەڕەکان، بۆ ئەوەی وەربچەرخێن بە دیوی (تێپەڕ)دا، وەک:

**[شکان]**(-) : **[شکاندن]**(+)

**[نوستن]**(-) : **[نواندن]**(+)

**[مردن]**(-) : **[مراندن]**(+)

**[کەوتن]**(-) : **[کەواندن]**(+)

**[پژمین]**(-) : **[پژماندن]**(+)

لەئەم چینەدا، چاوگی (ئاندن) چالاکی (بکەر) یەکلایی دەکاتەوە و دەتوانێت لەسەر گشت کارە تێنەپەڕە خۆڕسکەکانی چینی سفر بگەڕێت. بەواتایەکی تر، چاوگی (ئاندن) تەنها لەسەر ئەو کارانە دەگەڕێت کە تێنەپەڕن و (بکەر) یان سستە لە چالاکی نواندندا. یان، بە واتایەکی تر، چاوگی (ئاندن) دەتوانێت (بکەری سست) بکات بە (بەرکار). بۆ نموونە، کە دەگوترێت:

**شووشەکە [شکا]**(-)

بکەری (شووشەکە) سستە و هەر دەڵێیت (بەرکار)ە بە واتا و (بکەر)ە بەرێزمان. هەر لەبەر ئەو هۆیە، چاوگی (ئاندن) پێی دەوێرێت و دەتوانێت. بکەرێکی بزووت (منداڵەکە) بخاتە ریزەوە و بکەرە سستەکە (شووشەکە) بکات بە (بەرکار)، وەک:

**منداڵەکە شووشەکەی [شکاند]**(+)

بۆ نموونە، کارە تێنەپەڕەکانی (هاتن، چوون، رۆیشتن) بکەری چالاک و (وزە خەرج کەر) هەڵدەگرن، هەر لەبەر ئەوە، چاوگی (ئاندن) پێیان ناوێرێت و ئەگەر بە زۆریش بخرێتە سەریان، ئەوا (نارێکی رێزمانی) دەهێتە نێو بیری کوردیزانانەوە، وەک:

**[هاتن]**(-) **[هاندن]**(+)

**[چوون]**(-) ⟵ **[چوواندن]**(+)

**[رۆیشتن]**(-)⟵ **[رواندن]**(+)

**٤- کاری دەنگە⟵ سروشتییەکان:**

هەر لە چینی یەکەمدا، چاوگی (ئاندن) بۆی هەیە بچێتە سەر دەنگە سروشتییەکان و ئەو دەنگانە بکات بە (بنج)ی خۆی، وەک:

**[نەڕە]** ⟵ **[نەڕاندن]**(+)

[چریکە] ——◄ [چریکاندن](+)
[لوورە] ——◄ [لووراندن](+)
[گارە] ——◄ [گاراندن](+)
[زیرە] ——◄ [زیراندن](+)

لەئەم میکانیزمەدا، دەنگە سروشتییەکە دەبێت بە (بنج) بەڕێزمـان و دەکـەوێتـە ژێر ڕکـێـفی (بەرکـار)ەوە بەواتا. کـەواتە، لەجـۆرە چاوگی ئاوهادا، بەرکـار پێـویست نیـیـە، چونکە بنجی کارەکە خۆی، واتای (بەرکار) هەڵدەگرێت. لەگەڵ ئەوەشـدا، ئەو جـۆرە بەرکـارانە، ناتوانن ببن بە (جێناوی لکاو).

ئێستاش بەپێی ئەوەی گوترا، دەتوانین بڵێین، لە چینی یەکەمدا دەرگای چاوگی (ئاندن) والایە و بێ بەرهەڵستە لەئاستی دوو مژاردا، وەک:

| | |
|---|---|
| چاوگی (ئاندن) | بنجی کارە تێنەپەڕە بکەرڕستەکان، وەک (شک) لە (شکان)دا<br>نموونە: [شک: شکاندن] |
| | دەنگە سروشتییەکان، وەک (چریکە، نەڕە، زیرە، جیرە، جووکە، لوورە، ...)<br>نموونە [چریکە: چریکاندن] |

لەگەڵ گشت ئەوەدا کە باسکرا، چەند ئاکارێک هەیە کـە لە ڕێزمـانی چاوگی (ئاندن)دا، ڕەنگ دەدەنەوە، وەک:

**یەکـەم:** هەبوونی (بکەر)ێکی (چالاک)، نەک (سست)، لە ئاستی هەر ڕستەیەکدا کە بە تیۆری چاوگی (ئاندن) لە قاڵب درا بێت.

**دووەم:** زاڵبـوونی هێـزی (کـاری تێـپـەڕ) بەسـەر ڕستەکەدا.

**سێیەم:** دەرکەوتنی کۆڵکەی تێپـەڕاندن (ێن) بە ئەلەمـۆرفی (ان) لەهەر جێیـەکدا کـە نیشـانەی ڕابردوو و بریتـیبێت لە دەنگی (د). هەر بۆ نموونە، لەچاوگی (بکەر نادیار)دا، نیـشـانەی ڕابردوو بریتـییە لە (آ)، هەر لەبەر ئەوە، گۆکراوی (ـاندن) دەبێت بە (-ێنران)، وەک:

[خەو - اندن [ ——◄ ]خەو (ان) دن]
[خەو - ێنران[ ——◄]خەو (ێن) ران ]

چوارەم: چـاوگی (ئـانـدن) لـە کـــــــارە سـروشـتـیـیـەکـانـدا، بەرکـارەکـەی کـراوە بە بنجی کـارەکـە، هەر لەبەر ئەوە، ناشـێت بێ گـۆڕین بە (جـــێـگری بکەر) لە ڕێژەی (بکەر نـادیـار)دا، چونکە، کە بنجەکە لابېردرێت، ئەوا بەردی بناغەی کاری (ئاندن) درز دەبات.

٥- هێزی تێپەڕین لە چینی دووەمدا:

لە چینی دووەمـدا، گشت کـارە تێـپـەڕەکـان دەبنەوە بە (تێنەپەڕ) لە ڕستـەی (بکەر نادیار)دا، وەک:

یەکەم: کارە تێپەڕەکانی چینی سفر، وەک:
**[نووسین]**(+) ——◄ **[نووسران]**(-)
**[ناردن]**(+) ——◄ **[نێردران]**(-)

**دووەم:** ئەو چاوگی (ئاندن)ەی کـە لەسـەر بنجی کارێکی (تێنەپەڕ) ڕۆنراوە، وەک:
[شکاندن](-) —◄ [شکاند](+) ——◄ [شکێنران](-)
[فڕین](-) ——◄ [فڕاندن](+) ——◄ [فڕێنران](-)
[ڕەخسان](-) —◄ [ڕەخساندن](+) ——◄ [ڕەخسێنران](-)

لە ڕێزمـانی کـوردیدا، هێـشـتـا بەشـەرمنیـیـەوە، باسی هێــزی (تێنەپەڕ)ی کـــاری (بکەر نادیار) دەکـرێت. سـەرەڕای ئەوەش، نەفـرین دەکـرێت لە زاراوەی (چاوگ) لەئاســـــتی (بکەر نادیار)دا، چونکە خـۆڕسکە و مـۆرکی ڕێزمـانی کـوردی هەڵ دەگرێت و بە ڕێزمـانی زمانانی تر لێک نادرێتەوە. هەر بۆ نموونە، نەفـرین دەکـەن لە چاوگـەکـانی (شکێنران، فڕێنران، ڕەخسێنران).

٦- کاری (بوونی بوونایەتی) بە تێپەڕی:

کاری (بوونی بوونایەتی) وەردەچەرخێت بە دیوی تێپەڕدا، لە بۆ پڕکردنەوەی واتای (زارۆک و بەچکە بوون):

- تێنەپەڕ:

**منداڵەکە بوو**

- تێپەڕ:

**شیلان [منداڵەکە](ی) بوو**

لە ئێرەدا، وشەی [منداڵەکە] لە خانەی بەرکاردایە و لەژێر رکێفی ڕێزمانی بەرکاردایە، چونکە بووە بە (جێباز) بۆ جێناوی (بکەر)، کە بریتییە لە (ی).

٧- کاری (هەبوون) بە تێپەڕی:

کاری (هەبوون) وەردەچەرخێت بە دیوی تێپەڕدا، لە بۆ پڕکردنەوەی واتای (خاوەنداری)، وەک:

- تێنەپەڕ:

**پارە هەیە**

- تێپەڕ:

**شیلان [پارە](ی) هەیە**

کەواتە وشەی [پارە] لە خانەی بەرکاردایە و لە پەرێزی ڕێزمانی بەرکاردایە، چونکە جێناوی لکاوی (بکەر)، بازی داوەتە سەری.

٨- کاری (بوونی ئێستایی) بە تێپەڕی:

کاری (بوونی ئێستایی) وەردەچەرخێت بە دیوی تێپەڕدا، لە بۆ بەخشینی واتای (هەست کردنی لەش بە دەوروبەر)، وەک:

- تێنەپەڕ:

**سەرما یـ (ـە)**

- تێپەڕ:

**ئێمە [سەرما](مان) (ـە)**

کەواتە، وشەی [سەرما] لە پەرێزو لەخانەی بەرکار دایە، چونکە جێناوی بکەر (مان)، چووەتە سەری.

**پوختەکاری:**

* کاری زمانەکە دابەش بەسەر (تێنەپەڕ) و (تێپەڕ)دا و (تێنەپەڕ)یش بۆی هەیە بە چاوگی (ئاندن) ببێت بە (تێپەڕ). واتە، گشت کاری زمانەکە دەبن بە (تێپەڕ).

* وەک گشت کاری زمانەکە بۆیان هەیە ببن بە (تێپەڕ)، هەر هەموویان بۆیان هەیە ببن (تێنەپەڕ)ی (بکەر نادیار).

* کارەکانی دەنگی سروشتیی، وەک تێپەڕن، لە ئەو ریسایە لادەدەن و باری (بکەر نادیاری) پەسەند ناکەن.

* خۆزگا لە ئاستی (چاوگی بکەر نادیار)دا، وەک (نووسران، کوژران، سووتێنران، خەوتێنران....)، تەلیسمی شەرم دەشکاو ئەم جۆرە چاوگەش دەچوونە ئەلبوومی ڕێزمانەوە، وەک چاوگی (ئەلفی تێنەپەڕ).

* دەروازەی چاوگی (ئاندن) کراوەیە بە رووی (کاری تێنەپەڕ) و کاری (دەنگە سروشتییەکان)دا.

* هەر سێ کاری (بوونی بوونایەتی، هەبوون،ە بوونی ئێستایی) وەرچەرخێن بۆ (تێپەڕ) بۆ پڕ کردنەوەی واتای کار بەرێزە (منداڵبوون، خاوەنداری، هەستکردن بە دەوروبەر).


**سەرچاوە:**

- د. شێرکۆ بابان، میکانیزمە بنەڕەتیەکانی رستەسازی، ڕێزمانی بوون و هەبوون، هەولێر ١٩٩٧.

- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشە سازی) بەشی یەکەم (ناو)، بەغدا ١٩٧٩.

- د. وریا عومەر ئەمین، لە ڕووەکانی تێپەڕی، ڕۆژنامەی (بەدرخان)، ژمارە ٧٦، ٢٠٠٦/١٢/٢٢